IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق
كوردستان ـ هەولێر

No:
Date:

ژمارە:
بەروار: ٨ / ٥ / ٢٠١٤

٧٨
١٤/٥/٨

**بەرێز/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسای ( پشكی هاونیشتیمانیان لە سامانە سرووشتیەكان )**

بەرێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران كە لەخوارەوە واژۆمان كردووە داوا دەكەین پرۆژە یاسای (**پشكی هاونیشتیمانیان لە سامانە سرووشتیەكان**) بخرێتە بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بكرێتو پەرلەمان پەسەندی بكات.

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| -١ | شیركو جودت مصطفى | |
| -٢ | سهام عمر قادر | |
| -٣ | گەزال هادی عمر | |
| -٤ | غریب مصطفى حمه خان | |
| -٥ | حاجی كاروان | |
| -٦ | عمر صالح عزا (عمر گوهر) | |
| -٧ | بەهار عبدالرحمن محمد | |
| -٨ | مولود مراد محی الدین | |
| -٩ | سهراب میكائیل | |
| -١٠ | ابوبكر عمر هەڵەدنی | |
| -١١ | | |
| -١٢ | | |
| -١٣ | | |
| -١٤ | | |
| -١٥ | | |
| -١٦ | | |
| -١٧ | | |
| -١٨ | | |
| -١٩ | | |

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

سەرۆکایەتی ئە نجومەنی نیشتیمانی کوردستان – عێراق

یاسای پشکی هاونیشتیمانیان لە سامانە سرووشتیەکان

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

ماددەی یەکەم :

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

یەکەم : حکومەتی فیدراڵی

حکومەتی کۆماری عێراقی فیدراڵە.

دووەم :دەستووری فیدراڵی

دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵی.

سێیەم : هەرێم

هەرێمی کوردستانی – عێراق.

چوارەم : سەرۆکی هەرێم

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

پێنجەم: پەرلەمان

ئە نجومەنی نیشتیمانی کوردستان - عێراق.

شەشەم : حکومەتی هەرێم

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

حەوتەم : ئە نجومەنی وەزیران

ئه نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستان – عێراق.

هه‌شته‌م: ئه نجومه‌نی هه‌رێمی

ئه نجومه‌نی هه‌رێمی بۆ كاروباری نه‌وت وگاز له هه‌رێمی كوردستان – عێراق.

نۆیه‌م : وه‌زاره‌ت

وه‌زاره‌تی سامانه سرووشتیه‌كانی هه‌رێم.

ده‌یه‌م : وه‌زیر

وه‌زیری سامانه سرووشتیه‌كانی هه‌رێم.

یازده‌یه‌م: سامانه سرووشتی

هیدروكاربۆناتی سروشتی یان تێكه‌ڵاو له دۆخی گاٍزی یان شلی بێ ئه‌وانه‌ش ده‌گرێته‌وه كه ده‌توانرێت بگه‌ڕێندرێته‌وه بۆ حه‌شارگه‌كه یان هه‌ر سامانێكی سرووشتی تر.

دوازده‌م: نه‌وتی خاو

هه‌موو هیدروكاربۆناته‌كانی شل له دۆخه سروشتیه‌كه‌ی یان له گازی سرووشتیه‌وه به هۆی خه‌ستكردنه‌وه یان هه‌ر هۆكارێكی پوختكردنی دیكه‌وه به‌رهه‌مهێنرابێت.

سیانزه‌یه‌م: گازی سرووشتی

هه‌موو هایدرۆكاربۆناته‌كانی گازی كه به سستی له دۆخه سرووشتیه‌كه‌یدا مابێته‌وه , له‌وانه‌ش گازی ته‌ر , گازی وشك , ئه‌و گازه‌ی له به‌رگی بیرهه‌یه و ئه‌و گازه‌ی له پرۆسه‌ی پوختكردنی هیدرۆكاربۆنی شل له گازی ته‌ڕ مابێته‌وه , جگه له نه‌وتی خاو.

چواره‌م: گازی سرووشتی به یاوه‌ر

گازی به‌رهه‌مهێنراو و تێكه‌ڵاو له‌گه‌ڵ نه‌وتی خاو له ژێر بارودۆخی حه‌شارگه‌ییدا.

پانزه‌م: كێڵگه‌ی نه‌وت

حەشارگە یان کۆمەڵێك لە حەشارگەکانی نەوتی لە پێکهاتەکانی جیۆلۆجی زانراو یان دیاردەیەکی جیۆلۆجی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێ بە شێوەیەکی بازرگانی وە بە پێی تەکنۆلۆژیایەکی ئاسایی وسوودێکی ئابووری هەبێت.

شانزدەم : کێڵگەی ئێستا

ئەو کێڵگە نەوتیەی کە تا پێش ٢٠٠٥/٨/١٥ بەرهەمی بازرگانی هەبوو.

حەڤدەم : کێڵگەی ئاینده

ئەو کێڵگە نەوتیەی کە تا پێش ٢٠٠٥/٨/١٥ بەرهەمی بازرگانی نەبووە و هەر کێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوە یان ئە نجامی پرۆسەکانی دۆزینەوەی ئاینده دا دەدۆزرێتەوە.

هەژدەم : پرۆسەکانی نەوت

بە دواداگەڕان ودۆزینەوە بە مەبەستی پەرەپێدان , بەرهەمهێنان , بە بازارکردن , عەمبارکردن, گواستنەوە , پالآوتن , فرۆشتن وهەناردنی نەوت یان بونیادنای ودانان ودامەزراندنی هەر هەیکەلێکی دەزگاکان ومەکینەکان بۆ مەبەستی ئاماژە بۆکراو و دوای کۆتایی هێنان بە مۆڵەت ویان لابردنی هەریەکێك لەو هەیکەل ودامەزراوبیناکان.

نۆزدەم : گرێبەستی نەوت

هەر گرێبەستێك گرێدەدرێ یان رێگەدان یان لاری نەبوون یان هەر مۆڵەتێك بە پێی ماددەی ( ٢٤ ) بیست وچواری ئەم یاسایە دەدرێت.

بیست : داهاتەکان

داهاتەکانی حکومەتی هەرێم کە لە پرۆسەکانی نەوت بەدەست دەکەون , لەوانەش فرۆشتنی نەوت وگاز ومولکانە وپاداشتی ئیمزاکردن وبەرهەمهێنان لەو گرێبەستانەی نەوتی لە نێوان کۆمپانیابیانیەکان وناوخۆییەکان بەستراوە.

بیست ویەك : مولکانە

رێژەیەك لە نەوتی بەرهەمهێنراوکە مسۆگەرە , کە بۆ حکومەتی هەرێم لە ناوچەی گرێبەستەکەدا دابین دەکرێ.

بیست ودوو: سندوقی ژینگە
ئەو سندوقەیە کە پشکەکانی هاونیشتیمانیان لە داهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێت.وبە پێی ئەم یاسایە دا دیاری دەکرێت.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی پیادەکردنی یاساکە

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر:
١- پرۆسەکانی نەوتی کە کە جیٰ بەجیٰ دەکرێت لە لایەن کۆمپانیاکانی گشتی وتایبەتی عێراقی بیٰ یان بیانی.
٢-هەموو چالاکیەکانی پەیوەستن بە پرۆسەکانی سامانە سرووشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

## بەشی سێیەم

## پشکی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان لە داهاتی سامانە سرووشتیەکان

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەی ( ٠,٠٥٪ ) پێنج لە سەدی کۆی گشتی داهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان سالآنەدەخاتە سندووقی پشکی هاولآتیان.
دووەم :ئەو رێژەیەی سەرەوە لەداهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان کە دەخرێتە سندوقی پشکی هاولآتیان بەسەر گشت هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان دا دابەش دەکرێت بە شێوەی سالآنە وبە یەکسانی لە ساتی لە دایك بوونیانەوە تاوەکو کۆچ کردنیان.

سێیەم: پێویستە گشت هاونیشتیمانیەکی هەرێمی کوردستان حسابێکی بانکی تایبەتی لە یەکێك لە بانکە حکومیەکانی هەرێمی کوردستانی هەبێت بۆ وەرگرتنی پشکی سالآنەی خۆی لە داهاتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان

گشت هاونیشتیمانێکی دانیشتووی هەرێمی کوردستان پشکی دەبێت لە داهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە رۆژی لەدایك بوونیەوە تا کۆچ کردنی بە رێژەی .

## بەشی چوارەم

## لایەنە بەرپرسەکان

یەکەم: سندوقی پشکی هاونیشتیمانیان لە داهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا دەبێت.
دووەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیار دەبێت لە دەسکەوتنی پشکی هاونیشتیمانیان اە داهاتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی لە یەکێك لە بانکە حکومیەکان لە هەرێمی کوردستان دا.
سێیەم: وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر پرسیارە لە ئە نجام دانی پرۆسەی دۆزینەوەو دەرکردن وبە بازارکردنی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان وناردنی داهاتەکەی بۆ سندوقی پشکی هاونیشتیمانیان لە داهاتی هەرێمی کوردستان.
چوارەم: دیوانی چاودێری دارایی بە پرسیارە لە ووردبینی داهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان وگەیشتنی بە هاونیشتیمان.

## بە شی پێنجەم

## هۆکارەکانی ئەم پرۆژەیە

بەمەبەستی سوودمەندبوونی راستەوخۆی هاونیشتیمانیان لە داهاتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێمی کوردستان ودابین کردنی بەشێکی سەرەکی بژێوی بۆیان بە بێ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی وئازادکردنی هاونیشتیمانیان لە چۆنێتی سوودوەرگرتن لە پشکەکانیان لەو داهاتە ئەم پرۆژەیە ئەمادە کراوە.